
# مەرگی ئەپڵ



## ستیۆ جابێز ئەو مرۆڤەی جیهانی تەکنۆلۆژیای گۆڕی





## کتێبخانەکەی سۆنی لە سیستەمی Wi-fi سوود وەردەگرێت

کۆمپانیای سۆنی ڕایگەیاند کە کتێبخانەیەکی ئەلکترۆنی بێ وایەری بەرهەم هێناوە. کتێبخانەکە شاشەیەکی 6 ئینجی هەیە، سیستەمی بەگەڕخەری ئەندرۆیدی لەسەرە.

شاشە تایبەتەکەی کتێبخانە دیجیتالییەکە بەجۆرێکە دەتوانێ تەنانەت لەبەر تیشکی هەتاویش سوودی لێوەربگیرێت. هەروەها دەکرێت هەر بەهۆی ئەم شاشەیەوە زوومی مەبەستەکانی خۆت بکەی. کتێبخانە دیجیتالییەکە سێ ڕەنگی ڕەساسی، سپی و سوری هەیە. خاوەنی کەلێنێکی ستانداردی تایبەتە بۆ پێوەندیدان بە هەموو جۆرە هیدفۆنێك. کێشی ئەم ئامێرە تەنیا 168 گرامە. هاردی ناو کتێبخانەکە دوو گیگابایتە. بەڵام دەکرێت میمۆرییەکی 32 گیگابایتیشی تێبخرێت. وزەی هەر شەحنکردنەوەیەکی کتێبخانەکە دەتوانرێت بۆ خوێندنەوەی 14 هەزار لاپەڕەی کتێب سوودی لێوەربگیرێت.

## سایتێک وێنەکانت



گەلێك جاران ئێوە وێنەیەکتان دیوە کە لە دەقێك دروست بووە، واتە وێنە ئەسڵییەکە لەو دەقەی کە مەبەستتە پێکهاتووە. بۆ ئەوەی کە وێنەکانتان بکەن بە تێکست چەند پرۆگرامێك هەن کە ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنن. بە جوانترین شێوە وێنەکانتان دەکەن بە تێکست.

سایتی http://lapin-bleu.net/software/textorizer یە کە تەنیا بە یەك کلیك هەر وێنەیەك کە نیازتان هەیە بیکەن بە تێکست تەنیا بە یەك کلیك دەبێتە تێکست. کاتێك سایتەکە دەکەیەوە سێ وێنەت



کۆمپانیای ئەپڵ ڕۆژی 5ی ئەم مانگە بە بڵاوکردنەوەی بەیانێکــی فەرمی ڕایگەیاند کە ســتیڤ جابز، بەڕێوەبەری پێشووی کۆمپانیا بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاسەوە لە تەمەنی 56ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

مەرگــی جابز بــە وتــەی ئۆبامای ســەرۆکی وڵاتە یەکگرتــووەکان" جیهــان یەکێك لە مەزنــە پیاوەکانی خۆی لەدەستدا" بەڕاســتیش وابوو، مەرگی ئەو بەقەد مەرگێکی ســەرکردە سیاســییەکانی جیهان کاریگەری بەسەر جیهانەوە هەیــە. جابــز گۆڕانکارییەکــی گرنگــی لەجیهانــی تەکنۆلۆژیای دیجیتالیــدا پێکهێنا. کۆمپیوتەرەکانی جــۆری ماکینتۆش، مۆبایلــی "ئایفۆن" ئامێری "ئایپاد" و "ئایپۆد" لە بەرهەمەکانی ستیڤ جابزن.

جابز خۆشــی نموونەیەك بوو لە جیهان، چونکە باوکی خەڵکی سوریا بوو ناوی "عەبدولفەتاح" بوو، دایکی کچێکی مەسیحی کالیفۆرنیای ئەمریکا بوو، بۆخۆشــی لــە تەمەنی 20 ساڵیدا بوو بە بوزی. ئیدی جیهان لە جابزدا کۆبــۆوە، هەربۆیە ئەو کەســەی جیهانی تەکنۆلۆژیای گۆڕی، بەمەرگیشی جیهانی خەفەتبار کرد.

# ـــان دەكاتە تێكست



نیشــان دەدات بە کلیك کردن لەسەر وێنەی یەکەم وێنەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو تێکستەی کە مەبەستتە بە هەر چوار دەوری وێنەکەدا دەنووســرێت. بە داگرتنی وێنەی دووەم وێنەکەت بۆ دەکاتە ئەم تێکستەی کە مەبەستتە، وێنەی سێهەمیش وێنەکە شەپۆلدار دەکات. دەتوانی فۆنتی ســەر وێنەکە بە ویســتی خۆت بگۆڕی و گــەورە بچووکی بکەی، یان تەنانەت خودی سایزی وێنەکەش دەستکاری بکەی، تاقیکردنەوە گرفتی تێدا نییە کە خۆتان سایتەکە بکەنەوە و تاقی بکەنەوە.

# فۆجیستۆ تەبلێتێکی شەفاف بەرهەم دێنێ

لــە جیهانی تەکنۆلۆژیادا هەر جارەو ئامێرێکی نوێ شــوێن بە ئامێرێکی دیکە لەق دەکات، لەم دواییانەدا پەرەسەندن و گشتگیربوونی ئامێری "تەبلێت tablet تا ڕادەیەکی باش شــوێنی کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپی گرتۆتەوە، هەڵگرتنی تەبلێت ئاســانترە و هەمان کاراییشــی هەیە کە لە لاپتۆپدا هەیە. لــە جیهانی تەبلێتدا گۆڕانکارییەکی زۆر هەیە، بەتایبەتی لە بەشــی دیزاین و بێچم و قەوارەیــدا. لەم دواییانەدا کۆمپانیای فۆجیســتۆ جۆرە تەبلێتێکی بەناوی IRIS داهێناوە کە شاشــەکەی OLED، شاشــەی OLED ئەو تەکنۆلۆژییــەی کەهەردوو ڕووی شاشــەکە بە ڕوونــی دەبیندرێت، واتە وەك جامێکی بێگەرد دەچێت. تەبلێتەکە بە سیســتەمی وایەرلەیس شەحن دەبێتەوە. توانای ســکانکردنی دەق، وێنە و وەرگێڕانی دەقــی هەیە. تایبەتمەندییەکی دیکــەی IRIS ئەوەیــە کە وەك ئامێــری GPS بۆ دۆزینەوەی شــوێنە جوگرافییەکان سوودی لێوەردەگیرێت. شاشەکەی ئەم تەبلێتە دەبێتە دوو بەش، واتە لە یەك کاتدا دەکرێت دوو کاری جیاوازی پێ ئەنجام بدرێت.





# چاوخشاندنێک بەسەر مۆبایلی iphone 4S

هۆگـــران و لایەنگرانـــی مۆبایلـــی ئایفۆن لەو چاوەڕانییەدابـــوون کە ئایفۆن 5 بـــەم زووانە دێتە بەرهـــەم، بـــەڵام دوور لـــە هەمـــوو چاوەڕوانییەك کۆمپانیـــای ئەپڵ مۆبایلی ئایفـــۆن4ی جارێکی دیکە هێنایـــەوە بەرهەم، ئەویش بە زیادکردنی پیتی "S" بەدوای ژمارە 4ەکەدا واتە ihpnoe 4S.

تایبەتمەندییەکانی "Iphone 4S" ئەمانەن:

لە بواری چوارچێوەی و قەوارەوە هەر وەك ئایفۆن4 دەچێت. بەڵام گۆڕانکاری بەسەر کامێراکەدا هاتووە لە 5 میگاپیکسلەوە بۆ 8 میگاپیکسل. لە بواری خێراییـــەوە 7 جار خێراترە لە ئایفـــۆن 4. گرفتی نەبوونـــی تۆڕ لـــەودا بەتەواوی چارەســـەر کراوە. باترییەکـــەی نزیکەی 50 کاتژمێر شـــەحنەکەی دانابەزێـــت، ئەوەش بەســـتراوەتەوە بـــە چۆنییەتی بەکارهێنانی، چونکە ئەگەر بەردەوام مۆســـیقی پێ لێبدرێ هەتا 40 کاتژمێـــر دەخایەنێ، بۆ فیلمی بەردەوامیش 10 کاتژمێر. گرنگترین گۆڕانکاری ئەمجـــارە لە ئایفۆندا فەرمانـــەکان بە دەنگە، بەڵام زیاتـــر بۆ زمانی ئینگلیزییـــە، واتە هەر فەرمانێك بەدەنگ پێی بڵێی ئەنجامی دەدات.




# کۆمپانیای یاهوو خزمەتگوزارییەکی نوێ دادەهێنێ

یاهـــوو بە مەبەســـتی زیادکردنی ڕێژەی بەشـــداربووانی هەوڵیداوە خزمەتگوزارییەکی نوێ بەناوی yahoo screen دابهێنێ، بەهۆی ئـــەو خزمەتگوزارییە نوێیەی یاهوو گشت ڤیدیۆکانی سایتی یاهوو لە سایتێکدا کۆ بوونەتەوە. دۆزینەوەی ڤیدیۆی مەبەست لەنێو ئەو سایتە ڤیدیۆییەدا گەلێك ئاسانترە. ڤیدیۆکان لە چەندین گروپدا ڕیزبەندی کراون. وەك وەرزشـــی، فیلم، کۆمێـــدی، هەواڵی.. مەبەســـتی یاهوو لـــە دانانی ئەم ســـایتە ئەوەیەکە بەکارهێنەرانی بتوانن بەئاســـانترین شێوە ئەو ڤیدیۆیەی مەبەستیانە بیدۆزنەوە.

# پرۆگرامێک بۆ خەزنکردنی پاسووۆردەکانتان


لە جیهانی دیجیتالیدا، پاسۆرد واتە کۆدی نهێنی بۆ چوونە ناو ســـایتێك، یان کردنـــەوەی ئیمێلێك، یان چوونە ناو تۆڕێکی کۆمەڵایەتـــی، یان کردنەوەی حیساب بانك لە ئەنتەرنێتدا...تاد گەلێك گرنگە. گەورەترین گرفتی ئێمە ئەوەیە کە زۆر جار پاسۆردەکانمان لەبیر دەکەین، پرۆگرامی AI robo form یەکێکە لە جێگای متمانەتریـــن پرۆگرامەکان بۆ بیرهێناوەی وشـــە نهێنییـــەکان کە لە ســـایتەکاندا بـــەکاری دەهێنین. ئەو پرۆگرامە ناوی بەکارهێنەر واتە user name و پاســـۆردەکە خەزن دەکات. هەر کاتێك ویســـتت بچیە سەر سایتی مەبەســـت ئۆتۆماتیکـــی پەســـۆرد و یوزەرنەیمەکە داخیل دەکات.


-پرۆگرامەکە گشـــت پەســـۆردەکان لەخۆیـــدا خـــەزن دەکات و بە شـــێوەی ئۆتۆماتیکی دایاندەنێت.

-فۆرمە دووردرێژەکانی دروستکردنی ئەکانـــت تەنیـــا بە یەك کلیـــك ئەنجام دەدات.

-بـــۆ ئەمنییەتـــی زیاتـــر گشـــت پاسۆردەکان بەشێوەی کۆد خەزن دەکات بـــۆ ئەوەیکە هیـــچ کەســـێك نەتوانێ بیانکاتەوە.

-هەروەها دەتوانی خۆی پاسۆردت بۆ دابنێ کە کەس نەتوانێت بیکاتەوە.






# پرینتەرێک هەرچی بیبینێ پرێنتی دەکات

کۆمپانیـــای Artefact بەم دواییە پرینتەرێکـــی بەناوی "ئـــەوەی دەبینی پرێنتی بکە" ناســـاندووە، کە ئەم پرێنتەرە نوێترین پرێنتەر و سەرنجڕاکێشترینیانە.

هـــەروەك لـــە وێنەکەدا دیارە بەشـــی ســـەرەوەی پرێنتەرەکە خاوەنی شاشەیەکی لەمســـییە، ئەوەی کە بڕیار وایە پرێنتی بکات لەسەر ئەم شاشەیە نیشانی دەدات، بەم جۆرە لە شاشەی ئەم پرێنتەرەدا دەکرێت دەستکاری ســـایزی وێنەکان بکەی. یان تێکەڵ بە یەکیان بکەی و بەکورتی ئەوەی پێویست بێت بە کاروباری وێنە تێیدا ئەنجام بدەی.

شاشەی پرێنتەرەکە توانای سکانکردن، نیشاندانی وێنەکانی کامێرا، سکانکردنی وێنە لە فۆتۆشـــۆپدا، وەرگرتنی وێنە بە شـــێوەی وایەرلەیس لە کامێـــرا، ناردنی وێنەکان بۆ فەیسبووك...تاد. پێدەچێت ئەم پرێنتەرە بتوانێت ســـەرکەوتنێکی باش لە بواری ئامێری دیجیتالیدا بەدەست بێنێت.

# ویندۆز 8 باشتر بناسن




ئـــەو پرســـیارەی ســـەرەوە تاراددەیەك ســـەیرە، ویندۆز8 هێشـــتا بەو جۆرەی پێویســـتە نەکەوتۆتە بازاڕ و مایکرۆسۆفت تەنیا ڤێرژنی ئەزموونی ئەو ویندۆزەی بڵاوکردۆتەوە، درەنگ یان زوو ویندۆز8 جێگە بە ویندۆز7 چۆڵ دەکات، کەوایە پێویســـتە هەر لە ئێستاوە بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی بزانین.

1- نەمانـــی شـــریتی start لە ویندۆز 8دا: شـــریتی start لەمێژە لـــە ویندۆزدا هەیە واتە لـــە ویندۆز 95ـەوە بگرە هەتا ویندۆز7 بەڵام لە ویندۆز8 دا ئەو شـــریتە بۆ هەمیشـــە نەماوە و شـــوێنی ئەو بە لاپەڕەیەکی گەورەی سەرنجڕاکێش پڕکراوەتەوە. بە ئاســـانی دەتوانـــی پرۆگرامەکان بدۆزیەوە، فایلەکان هەموویان لەبەردەستدان.

2- بەڕێوەبەرێتی بەکارهێنەر، قفڵکردنی وینـــدۆز: لە وینـــدۆز8دا وێنـــەی بەکارهێنەری ئەکتیف لەسەر شاشەکە دەبیندرێت، ئەگەر بتەوێ وێنەکە بگـــۆڕی، یـــان بەکارهێنەرێکی دیکە بۆ ویندۆزەکە زیاد بکەی، پێویست بە کۆنترۆڵ پەنەڵ ناکات. بگرە تەنیا بە کلیك کردنی وێنەکە شـــریتێك بۆ گۆڕینـــی وێنەکە و قفڵکردنـــی کۆمپیوتەر و چەندین فەرمانی گرنگی دیکە هەیە.

3- ســـڕینەوەی شـــوێن پێی خـــۆت لە ویندۆزدا: مانەوەی شـــوێن پێت لە پرۆگرامەکانی ئینتەرنێت و هەروەها فایلە چاوبەسەرداخشێندراوەکان یەکێك بـــوو لە گرفتەکانی ڤێرژنەکانی پێشـــووی ویندۆز. بەڵام لە ویندۆز8دا بە ئاسانی دەکرێ ئەم بەشـــە ئەکتیف نەکرێت و ئیدی کۆمپیوتەرەکەت هەمیشە لە شتی زیادە دەپارێزرێ. ویندۆز8 گەلێك تایبەتمەنـــدی هەن کە بە بەراورد بە ویندۆز7 تەواو گۆڕانکاری تێدا پێکهاتووە.



# هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیـــارێـــک

خوێنەرێکی بەڕێزی بەشـــی ئایتی پرسیاری ئەوە دەکات کە گەلێك جاران هەوڵمـــداوە کە فایلێکـــی پرۆگرامی Excel یان پرۆگرامی Power-Point لە فایلی وۆرد دا بکەمەوە، بەڵام هیـــچ جارێك ســـەرنەکەوتووم، نازانم ئایا دەکرێت فایلێکی پرۆگرامی پاوەر پۆینت یان ئیکسێل لە پرۆگرامی وۆردا بکەیەوە. یان بە پێچەوانە؟

ســـەرەتا دەبـــێ بڵێین بـــۆ هێنانی جەدوەلەکانی پرۆگرامی ئیکســـێل بۆ پرۆگرامی پاوەرپۆینت یان وۆرد بە دوو شـــێوە دەکرێت. یەکەمین شێواز ئەوەیە کە لاپەڕەیەکی ســـپی لە پرۆگرامی ئیکســـێل بێنی بۆ پـــاوەر پۆینت یان وۆرد، پاشان خۆت دەستکاری بکەی. ڕێگـــەی دووەمیـــش ئەوەیەکـــە ئەو جەدوەلانەی لە پرۆگرامی ئیکســـێلدا هەن بیانگوازیەوە بۆ ئەو پرۆگرامانە.

لەسەرەتادا لە word2007 یان powerpoint2007 بچۆ سەر بەشی insert پاشان فەرمانی O-ject لێبدە. لە ڕیزی پرۆگرامەکاندا پرۆگرامی Microsoft Office Excel Worksheet لێبـــدە و پاشان فەرمانی OKی بکە. دەبینی زۆر بەئاسانی پرۆگرامەکە هاتۆتە ناو پرۆگرامـــی word یان Powe-Point . بەڵام بۆ هێنانی فایلێکی ئیکسێل بۆ ناو پرۆگرامە ناوبراوەکان، هـــەروەك پێشـــوو لـــە بەشـــی i-sert فەرمانـــی Object دابگرە. ئەمجارەیان لەم بەشە فەرمانی cr-ate from file دابگـــرە. ئێســـتا فەرمانـــی Browse کلیك بکە و فایلی مەبەستت بێنە.